ڕێکخراوێکی نەوەوەتی ئاشکرای دەکات کە هێرشکانی تورکیا بۆ سەر هەڕەمی کوردستان زیادی کردووە



لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوێکی ئەمریکی هاتووە، کە هەفتەی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی بانگەوازی ئاشتی عەبدوڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە، ژمارەی بەردوومانەکان بەراورد بە دوو هەفتەی پێش ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە بە ڕێژەی ١٤٥% زیادیکردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەی Cpt ئەمریکی، هێرشکانی سوپای تورکیا لە مانگی ئادارادا، بەراورد بە مانگی کانوونی دووەم، بە ڕێژەی 12% و بەراورد بە مانگی شوبات، بە ڕێژەی 21% کەمی کردووە، لە مانگی ئادارادا، سوپای تورکیا 55 هێرشی بۆ سەر سنووری پارێزگای هەولێر و 51 هێرشی بۆسەر سنوری پارێزگای دهۆک و 12 هێرشیشی بۆسەر سنووری پارێزگای سلێمانی ئەنجامداوە لە مانگی ئادارادا هیچ هێرشێک لە سنووری پارێزگای موسڵ ئەنجامنەدراوە.

ڕێکخراوەکە ڕاشیگەیاند، هێرشکانی سوپای تورکیا بۆسەر سنوری پارێزگای هەولێر لە مانگی ئادارادا، بەراورد بە مانگی شوبات 120% زیادیانکردووە.

ئاماژە بەوەشدەکات کە سوپای تورکیا لە مانگی ئادارادا، 5 ئۆشکۆتی سروشتی بە بەکارهێنانی "تی ئەن تی" تەقاندۆتەوە.